گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# خووەکانی ژیریی لە لایەن قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی

**تارا هونر أحمد**

بەشی زانستی گشتی, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ,زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Tara.ahmed1991@gmail.com

**أ.م.د.فرهاد علی مصطفی**

بەشی وەرزش, کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە , شەقڵاوە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Farhad.mustafa@su.ed.krd

**أ.م.د.بختیار کاکل حمد**

بەشی زانستی گشتی, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ,زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Bakhtiar.hamad@su.ed.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/١٥

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٩

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

Mind, Mind level, Mind Habits, Student, Gender (male, female)

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.4

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوە زانینیی ئاستی (خووەکانی ژیری لەلایەن قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی)یە.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانج توێژەران ئەم گریمانەیان دارشت:

1-جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی ڕێژەی هەڵەی($\alpha \leq 0.05$) لە ئاستی خووەکانی ژیری بەپێی گۆڕاوی توێژینەوە(ڕەگەز)، (نێر ، مێ).

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی (وانی کوڕان – ڕێواسی کچان – بارزانی نەمری کوڕان – نانەکەلی کچان – ئەحمدی خانی کوڕان)، کە پێکهاتووە لە (240) قوتابی، (120) قوتابی کچ بوون، و (120) قوتابی کوڕ بوون.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەی توێژینەوە، توێژەران ئامرازێکیان ئامادەکرد، ئەویش:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-پێوەری خووەکانی ژیریی بوو، کە توێژەران پشتیان بە پێوەرەکەی (أسماء حسن،2013 ) بەست، کە پێکهاتبوو لە هەشت خوو ئەوانیش: (بیرکردنەوەی گونجاو - وەڵامی سەرنج ڕاکێش و دڵ تەزێن - داهێنان و خەیاڵکردن و بەرهەم هێنان - جێبەجی کردنی زانینە کۆنەکان لەسەر بارودۆخە تازەکان - کۆنترۆڵ کردنی سەرشێتی - توانای بەردەوام بۆ فێربوونی بەردەوام - کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە بەکارهێنانی کۆی هەستەوەرەکان - گۆرینی بیرورِا)، کە (129) برِگە بوو، بۆ جێگیری پێوەرەکە توێژەران هاوکیشەی (ئەلفا کرونباخ – Cronbach Alpha) بەکارهێنا کە رِێژەکەی(0.925) بوو ، ئەمەش وای کرد هەمووی لە ئاستێکی پەسند و گونجاودابێت.
بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکە لە وەرزی دووەم لە بەرواری (2021/2/1) دەستییپێکرد و بەردەوام بوو تاوەکو بەرواری (2022/2/20).
بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکە توێژەران هەگبەی ئاماری (spss) بەکارهێنا.
ئەنجامەکەش بەم جۆرە بوو:
-نەبوونی جیاوازی واتاداری ئاماری لە ئاستی (0.05) لەئاستی خاوەندارێتی خووە ژیرەکییەکان بە پێی گۆڕاوی رەگەز (نێر ، مێ)، جگە لە (کۆنترِۆڵکردنی هەڵشەیی) واتاداری ئامارییە لە ئاستی (0.05) لە بەرژەوەندی کورِان.

## 1.پێشەکی

لەسەردەمێکدا کە هەموو گۆراوە زانستی و تەکنەلۆژییەکان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا پێکدا پژاون ، سەردەمەکە زۆر پێویستی بە پێگەیاندنی نەوەیەکی کارایە ، کە هەمیشە توانای فێربوونی بەردەوامی هەبێت و ، چەکدار بێت بە هەموو ئەو پێداویستییانەی یاریدەی دەدەن بۆ پێ بە پێ رِۆیشتنی لەگەڵ کاروانی داهێنراوە نوێیەکانی ئەم چەرخە و شۆرشەکەی بواری زانیاری هەمەجۆرو بوارو چەشنە زۆر و بێ سنوورەدا کە بە لێشاوی سەر گۆی زەوی گرتۆتەوە ، بێگومان ئامادەکردنی نەوەیەکی بەتوانای بەئەم هەموو چۆنییەتییەوە (مواصفات)، بارێکی زۆر گران دەخاتە سەرشانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردە، بەتایبەتی بیری پەروەردەی ئەوەی سەلماندووە – لە زۆربەی ئەدەبیاتەکانیدا – کە فێرکردنی باو (تەقلیدی) لە بەدیهێنانی ئەو ئاواتە ویستراوەدا شکستی هێناوە، پێداویستیمانی بۆ پەروەردەیەکی کارا ، کە کار بۆ پێگەیاندنی فێرخوازگەلێک سیمایەکی بەرزو باڵایان لە پرۆسەی بیرکردنەوەو نەرمیی نواندن بۆ فێربوون و ئارەزووکردنێک بۆ ڕەخنەو ڕەخنەگرتنیان تێدایە کە ئەو ئامانجە پەروەردەیی و زانستییە بهێننەدی . بێگومان ئەویش نایەتی دی تەنیا – وەکو (وطفة،2017،ص1)باسی کردووە بە ، بەخەبەرهێنانەوەی ژیری (دەماغ) نەبێت و گواستنەوەی لە باری نەرێنی و وەرگرتنی هەرەمەکی و خاوی و خلیچکییەوە ، بۆ دۆخێکی چالاک ، زیندێتی و کارکردن. .

لەکاتێکدا پرۆسەی بەخەبەرهێنانەوەی ژیری (الدماغ) ناتواندرێت بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئەنجام بدرێت ، دەیەیی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو کە وەکو (نوفل،2008،ص92) ناوی دەبات بە (دەیەیی ژیری)، شۆرشی توێژینەوەی گرنگ؛ بۆ تێگەیشتن لە شێوازەکانی بیرکردنەوە کە تاکەکان پشتی پێدەبەستن لە چارەسەرەسەرکردنی کێشەکانی زانین (المعرفة)و کارامەییە بەدەستهێنراوەکانیان و کەژانی لەدایکبوونی ژمارەک تیۆری بوو کە بایەخداران بە فێربوون و فێرکردنی سەرقاڵکرد ، دیارترینیان (تیۆری دوو کەرتە خڕەکەی دەماغ)بوو ، بە جۆرێک ئەو تیۆر و کۆلینەوانە ئەوەیان دەرخست ، وەکو (الزغلول ،2006،ص98-97)، و (عبيدات و أبوالسميد،2007،ص26) ، (نوفل،2008،ص97-96) و (بوازان ، 2009،ص317)کە ئاماژەیان بۆ کردووە کە – دەماغی مرۆڤ بەدرێژی دابەش دەبێت بە دووکەرتی( نیوەی) وەکو یەکەوە ، کە ئەمانەن :

**1.نیوەی (کەرتی) لای ڕاست :** کە بە (دەماغی داهێنەرانە ) ناو دەبرێت " چونکە لێپرسراوی مەزندەکردنە ، وویجدان ، هەڵچوون و ئەندێشەیە (خيال)،لە کردە ژیرەکییەکانییەوە ، ئەم خووانە جوێ دەبنەوە : (جێبەجێکردنی زانیارییەکانی ڕابردوو لەسەر بارە (وضع) نوێیەکان / پرسیارکردن ،خستنەڕووی کێشەکان / بیرکردنەوە بە نەرمی / وێناکردن ، داهێنان و نوێکردنەوە / وەڵامدانەوەی سەرسورمانە و پرسیارکردن /بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە (یان بیرکردنەوەی سەرووتری زانین (معرفي)/ تێکۆشان لەپێناو وردی / بیرکردنەوە و بەیەک گەیاندن بەڕوونی و وردی / بەگاڵتەجاڕی کردن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.نیوەی (کەرتی) لای چەپ:** کەپێیدەگوترێت (دەماغی ئەکادیمی) " چونکە بەرپرسیارە لە بیرکرنەوە ، لۆژیک (المنطق) و بەڵگە هێنانەوە و ، لەکردە ژیرەکییەکانییەوە ئەم خووانە جیادەبنەوە: (کۆڵنەدان/جلەوگرتنی لافلێدان(گەنجەفە)/ بیرکردنەوەی ئاڵوگۆڕکراو (یان هاوبەشی) گوێڕادێران بۆ کەسانی تر بە تێگەیشتن و سۆزەوە/چاونەترسانە چوون بەرەو مەترسیگەلی بەرپرسانە/کۆکردنەوەی زانیاری (داتا) بەبەکارهێنانی هەموو هەستەکان).

ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە جەختیان لەسەر ئەو توێژینەوانە کردووەتەوە ، کە هەردوو بەشەکەی (مێشک) توانستگەلی زۆریان تیادایە ،هەروەها هەردووکیشیان هاوبەشن لە جێبەجێکرنی زۆرێک لە چالاکییەکان و ئەرکە ژیرەکییە جۆراو جۆرەکان ، بەدڵنیاییەوە زۆربوونی توانستی فێرخواز لەبۆ فێربوون بەندە بە چەقگرتنی ئەو توانستانەی (القدرات)کە لە یەکێک لە ئەم دوو بەشە (کەرتە)ی (مێشکدا) چڕبووەتەوە. یاخود بەستراوەتەوە بە توانا کارەکییەکانی خۆیەوە (فێرخواز) بۆ بەکارهێنانی ئەم دوو کەرتە / نیوەیە پێکەوە ، ئەمەیە کەوایکردووە ناچارانە کار بکرێت لەسەر گەشەپێدانی ئەم خووە (عادات) ژیرەکییانە(عقلي) بەجۆرێک لە ڕاگرتنی لەنگەرەکان (توازن) "بۆ کارکردن لەسەر چالاککردنی هەردوو لایەکە (کەرتەکە) ی مێشکی فێرخواز.

## 2.گرفتی توێژینەوە

گرفتی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەبەر دەستدایە دۆزینەوەی ئاستی خووەکانی ژیریی ( العادات العقلية ) لەلای فێرخوازانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی ، بەجۆرێک خووەکانی ژیریی بەکۆڵەکەی بنەڕەتی و سەرەکی گەشەپێدانی توانستەکانی /تواناکانی ژیرەکیی فێرخواز دادەندرێت لەگەڵ پەرەپێدانی شێوازەکانی (أنماط) بیرکردنەوەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی ڕواڵەتپەرۆشی (جدية) و ڕەسەنایەتیی پێوە دیارە وجیاکردنەوەی لە ئەوەی کە نا ئاشنایە. لەبەر ئەوەی خووەکانی ژیریی پشتبەستن بە هەبوونی نەگۆڕاوە پەروەردەییەکان پێویستدەکات بەچڕوپڕی جەخت لەسەر گەشەپێدان و گۆڕینیان بکرێت بۆ بەرەفتارێکی دووبارەبوو ، لەگەڵ بەرنامەیەکی چەسپاو لە ژیانی فێرخوازدا ، ئەوەتە پەروەردەکاران بانگەشەی ئەوەدەکەن کە خووە کانی ژیریی ببنە ئامانجێکی سەرەکی لە فێرکردندا .لە ئەم پێگەیەوە و لە میانەی ئاگاداربوونی توێژەران (لێکۆڵەران) لەسەر ئەدەبییاتی تیۆری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆڵینەوەکانی پێشـــتری ئەم بوارە ، تێبینی ئەوەیان کردووە کە خووەکانی ژیریی بەردەوام تاوەکو ئێستایش توێژینەوە و کۆڵینەوە دەخوازن لەبەر ئەو بایەخەی لەسـەر ئاستی ژیانی کارەکی فێرخواز هەیەتی ، بەتایبەتی لە قۆناغی ئامادەییدا ، بینا لەســەر ئەوە ئەم کۆڵینەوەیە ســەریهەڵداوە تاوەکو هەوڵبدات ئاستی خووە کانی ژیریی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بناسێت و بزانێت.

## 3.گرنگی توێژینەوە

خووەکانی ژیریی لە ئەو گۆڕاوە گرنگانە دادەنرێت کە پەیوەندییان بە بەجێگەیاندنی زانستییەوە (ئەکادیمییەوە)هەیە لای ئەو کەسانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی فێرکردندا دەخوێنن. لەبەر ئەوە زۆر لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر بایەخی (گرنگیی) خووەکانی ژیریی و گەشەپێدانیان دەکەنەوە ،هەروەها بیرلێکردنەوەی و هەڵسەنگاندنیشی بۆ دەکەن لەگەڵ بەهێزکردنی لەبار بۆ تاکەکان لەپێناوی هاندانیاندا لەسەر دەست پێوەگرتنی (پشتگوێ نەخستنی) تاوەکو دەبێتە بەشێک لە خودی خۆیان و پێکهاتە ژیرەکییەکەیان.(قطامي،2007،ص98) .چونکە تاکەکان پەرە بەزانینیان دەدەن و باشتریشی دەکەن ، لەسەر ئەو بنەمایەیش خووەکانی ژیریی پەیوەست بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی باڵایان پێکدێنن (بنیاتدەنێن)، کاتێک ناچار دەکرێن یان دەخرێنە هەڵوێسگەلێکەوە کەناچاریان دەکات پرسگەلێک بخەنەڕوو، هەروەها وەڵامدانەوەگەلێکیش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و سوور بوون لەبەردەوام بوون و گوێ نەدان بەئەو ناچارکردنانە، لەگەڵ گەڕان بەدوای چارەگەلێک بۆ ئەوکێشانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لەگەتەک شرۆڤەکردنی بیرۆکەکاندا ، ئەوەیش ئەوکاتەی کە ئەوەیان پێدەسپێردرێت،لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتی دەستکەوتەکەیان لە ئەستۆدەگرن.( الحارثي ،2002،ص20).

بێگومان گرنگیدان بەخووەکانی ژیری و گەشەپێدانیان لای قوتابیان ، گرنگپێدان و گەشەپێدانی توانا ژیریی و جۆر و ئاستی بیرکردنەوەیانە کە بەهۆیانەوە دەتوانن کارا و پێکراو و ئاسان ڕووبەڕووی هەر ئەرک و چالاکی و هەڵوێست و گرفتێک ببنەوە ، ئیشپێکردن و بەکارهێنان و کارپێکردنی بەردەوامی ئەم خووانەی ژیریش ، بەرە بەرە لەوە نزیک دەبنەوە کەببنە خووی ئاسایی و میکانزمی ژیریی لەژیانی ڕۆژانەیاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4.ئامانجەکانی توێژینەوە

- زانینی ئاستی خاوەندارێتی خووەکانی ژیریی لەلایەن قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی کە دەدرێنە پاڵ (ڕەگەز)، (نێر ، مێ).

## 5.گریمانەی توێژینەوە

-جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی ڕێژەی هەڵەی(α≤0.05) لە ئاستی خووەکانی ژیریدا بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە(ڕەگەز)، (نێر ، مێ).

## 6.سنووری توێژینەوە

سنووری بابەتی:خووەکانی ژیریی.

سنووری مرۆڤی: فێرخوازەکانی پۆلی (10) دەمی ئامادەیی.

سنووری شوێن: قوتابخانەکانی (وان – ڕێواس – بارزانی نەمر – نانەکەلی – ئەحمەدی خانی)

سنووری کات: ئەم توێژینەوەیە ساڵی (2020-2021) ئەنجامدراوە.

## 7.زاراوەکانی توێژینەوەکە

### خووەکانی ژیریی (عادات العقل)

بریتیە لە تەرزگەلێکی ڕەفتاری زیرەک کە کردارە ژیرەکییەکان بەڕێوەدەبات ،ڕێکدەخات ،ڕیزبەندی دەکات ، ئەوەیەکە لە میانەی وەڵامدانەوەکانی تاکەوە بۆ تەرزە دیاریکراوەکانی ئەو کێشانەی پێویستیان بەبیرکردنەوەو تێڕامان هەیە ،ئەم وەڵامدانەوانە دەگۆڕێن بۆ خووگولیک بەکارتێکردنی ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە کە کارامییە زەینییەکان (المهارات الذهنیة) لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵویستەکانی کێشەکەیدا بە خێرایی و بەوردی تیایدا کار دەکەن ، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی تاک لەژیانی ئەکادیمیی ، کارەکی و کۆمەڵایەتیدا (حسین ، 2013،ص114-115).

توێژەرانیش خووە ژیرەکییەکان بە پێناسەیەکی ئیجرائی دەناسێنن( کە بریتییە لە ئاستی بەجێگەیاندنی ژیرەکی بۆکارایی بەجێگەیاندنی ڕەفتار لەمیانەی ئەو پلەیەی کە فێرخواز بەدەستی دێنێت لەسەر پێوەری خووەکانی ژیری ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 8.چێوەی تیۆری

### چەمکی خووەکان:

(کوستا و کالیک ،2003)وای دەبینن ، کە خووەکان ڕەفتارگەلێک نین دەستبژنیان دەکەین یان لێیان دووردەکەوینەوە بەبێ ئەوەی بیبیان بینین، بەڵکو ڕەفتارگەلێکن بەڕاستگۆییەوە لە بۆنە لەبارەکاندا دەیاننوێنن و زۆرجاریش بەبێ خۆماندوو کردن پڵیتەکەی دادەگیرسێنین.(السواح،2011،ص55).

### چەمکی ژیریی (العقل)

زانایان ژیری (عقل)یان بە زۆر پێناسە ناساندووە ، هەندێکیان ژیریی دەکەن بە گیان (الروح)، چونکە ژیریی بەبێ گیان (روح)پەی بە هیچ نابات (ئیدراکی نییە)،هەندێکی تریان دەیکەن بە دڵ ، چونکە شوێنی ژیری دڵە ، و هەندێکی تریان بە مرۆڤی دەکات ، چونکە ئەوەی مرۆڤ لە (بوونەوەرەکانی)دی جیادەکاتەوە ژیرییە (عقل) هەندێکی تر دەیکەن بە ڕەمەک (غریزة)و زانستەکانی پێدەناسێنێت ،هەندێکی تر بە خودی زانستەکانی دەکەن.

### خووەکانی ژیریی(عادات العقل)

خوو،کارێکە تاك بەشـــێوەیەکی دووبارە بەبێ خۆ مـانـدووکردن دەیکـات،کـاتێکیش دەوڵەتە هـاوچەرخەکـان ئەم چەمکەیـان خســـتە بواری پەروەردەو دەروونناســـی(علم النفس)،کردیشـــی بەهـاوجووتی ژیریی(العقـل)و توانســـتەکـانی ،چەمکێکی نوێی داهێنـا،ئەویش(خووەکـانی ژیری)یە،ئەوەنـدەسـیش بـایەخی بە ئەو خووانەدا گەشـــەی پێـدان کردی بەیەکێک لە ئـامـانجە سەرەکییەکانی فێرکردن(التعلم)،بەتایبەتیش لە بواری گووتنەوەی زانستەکاندا،ئەوەیش بۆ ئەوەی کە فێرخوازگەلێک بەرهەم بهێندرێت توانای بەکارهێنانی کارامەییە هزرییەکان وتوانستە ژیرەکییەکانیان خۆیان بە شێوەیەکی بەردەوام کاروبارەکانی ژیانیاندا بەکار بهێنن.

بۆیە بینا لەسەر ئەوە، گۆشە نیگای بەهەندگرتنی بەرنامەکانی خوێندن گۆردرا-هەروەکو (محمد،127-132،ص2005) باســـی کردووە، ئیدی ئەوەی بەبەرنامەکانی ژیریی ناســـراوە،دەرکەوت.دوای ئەویش بایەخدان بە ناوەرۆک تەنیا لەســـەر پێدانی نەبێت بە فێرخوازو بەس!بەڵکو ئەویشـــی تێپەڕاند بۆ مەزراندنی(توظیف)ئەم ناوەرۆکە لە گەشـــەپێدانی کارامییەکانی بیرکردنەوەدا بە شـــێوەیەک کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگۆڕێت بۆ ڕەفتارێکی هەمیشـــەیی بۆ فێرخواز .ئەو کارەی وایکرد ببێتە خوویەکی /عادة -یەکی ژیرەکی بە درێژایی تەمەن بەبێ ماندوو بوون کاری پێدەکات.

## 9.وەسفکردنی خووەکانی ژیریی.

### 1-بەردەوامیدان /کۆڵنەدان

ارثرکوستا لە سەرەتادا وەسفی کردووە،بە: ئەو توانستەی تاک لەسەر پابەندبوون و دەست لەکار هەڵنەگرتن و ئەو کارەگرنگەی بەتاک سپێردراوە و بەچڕوپڕییەوە ،بە هەموو هۆش و ئاگاییەکییەوە ، لە خۆیدا سوربوونەو پێداگری لەسەر سەرکەوتن ، لابەلاکردنەوەی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەمپەرو کۆسپەکان بەرێگای جۆراو جۆر بەبێ وەستان یان تێکشکان ، هەروەها هەریەک لە (کوستا و کالیک ) واتاکەیان کورت کردووەتەو بەقسەی هەردووکیان :کۆڵنەدان برەتییە لە توانستی تاک لەسەر بەردەوامبوون لە کارو ئەرکی سەرشاندا ، بەبەکارهێنانی کۆمەڵە ستراتیژێک، کە لە کەسەکەدا/ تاکدا لە میانەی ئەو قسانەوە کە بەڵگەن بۆ کارەکە (کۆڵنەدان).

بەکورتی کۆڵنەدان (المثابرة) جگە لە بەردەوامی و نەپسان و کۆڵنەدان / نەکشانەوە شتێکی دی نییە ، هاوڕێ لە نەک دوانەدواوەی پەرگری (تقوقع)، خاو خلیچکی و تەمبەڵی، دوورەپەرێزی ، و دانانی ستراتیژی نوێیەکان لە ژیاندا، چونکە هەمیشە گەڕان بەدوای نوێ و نوێتردا دەنوێنێت.

### 2-سەرۆکاریکردن (کۆنترۆڵکردن)ی هەڵەشەیی/هەڵچوون

(عریان،55،ص2010)بە ئەم شێوەیە پێناسەی دەکات: سەرۆکاریکردن ،هەڵچوون و هەڵەشەییلە مامەڵەکردندا، واتە بیرکردنەوە، تێڕامان ،پەلەنەکردن و بیرکردنەوە پێش ئەوەی بڕیار بدرێت لەسەر هەر هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەدا (کە هەڵچوون و هەڵەشەیی بەدوای خۆیدا بهێنێت ) بە واتایەکی دی : تاک پەلە لە بڕیاردانەدا نەکات و کاتی خۆی بە پەلە دەست پێنەکات) کە دەتواندرێت ئەم جۆرە جلەوکردنەی هەڵەشەیی لەمیانەی ئەم کارانەوە گەشەی پێبدرێت:

-دوورکەوتنەوە لە هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی هەڵچوون لە هەڵوێستە ئاساییەکانی ژیاندا.

-دوورکەوتنەوە لە پەلەپەلکردن لە قبووڵکردنی شتەکاندا (ڕایەکان ،بیرۆکەکان ،چارەسەرەکان) و نەخستنیانە بواری جێبەجێکردنەوەپێش ئەوەی لە دروستی و بێ زیانییەکەی دڵنییای هەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-گوێڕادێران بە تێگەیشتن و هاوسۆزییەوە:**

القضاة،37،ص2014)بە ئەم شێوەیە پێناسەی دەکات: فێرخوازەکان فێری گوێڕادێران کردن،تاکوە بتوانن تێچێن (تعليق) یان هەبێت لەسەر ئەو حوکومانەی لەبارەی شتەکانەوە دەیاندەن یان ڕایەکانیان و لایەنگیریان بۆ (ڕووداو دەوروبەر)تاکو بتوانن گوێگرو گوێڕادێرێکی ڕەخنەگربن، هاوکات لە حکمداندا لەسەر هەر بابەتێک یان ئەوەی دەیڵێن زانستیانە، بێلانانە و حکیمانەبێت .

**4-بیرکردنەوە بەنەرمی**

کە لە سەختترین خووەکانی ژیریە (عەقل) هەروەکو (ارثر کوستا ئاشکرای کرد) ،بەڵام بەئاسانی جێبەجێ دەکرێت ، چونکە ئەو ڕاهاتبوو لەسەر دیدێکی (رؤية) کۆن کە پێی ڕاهاتبوو،هەروەها دیتنی شتەکان لە میانەیەوە.

(القضاة،37،ص2014) پێناسەی دەکات بەئەمەی کە "هونەرێکی کۆنە لە چارەسەرکردنی زانیارییەکاندا هەروەکو خۆی لەسەر جیاوازی ئەو ڕێگایەیی کە پێشتر لە چارەسەرکردندا پشتی پێ دەبەسترا، هەووەها نەرمی نەرمیی بەوواتای توانستی تاک دێت لەسەر بەکارهێنانی ڕێگایەیلێکی ناباو (بڵاو نییە) لەچارەسەرکردنی کێشەکانداو ڕووبەڕوو بوونەوەی بەگژاچوونەوەکان .

**5-بیرکردنەوە لە بارەی بیرکردنەوە (بیرکردنەوە لە پشتی زانراوەو(المعرفي)**

ئەوەیە کە تـاک توانســـتی لەســـەر بەئـاگـایی هەبێـت، لەگەڵ پەی پێبردن (الأدراك)، گەڕانـدنەوە (الاسترجاع)، بەرچاوڕوونی، ڕێکخستنی ،و تەواوکاری(التكامل).

هەروەها هەریەک لە (الصــباغ،نجاة،الجعيد،717،ص2006)بە ئەوە پێناســەیان کردووە کە توانســتی تاکە لەسەر پەرەپێدانی پلانی کارکردن و پاراستنی لە زەین دا (الذهن ) بۆ ماوەیەک (فترة) ، پاشان لێڕامانی و هەڵسەنگاندنی لە کاتی کاملبوونیدا و شرۆڤەکردنی هەنگاوەکانی بیرکردنەوەکەی.

**6-هەوڵدان لە پێناو وردەکاریدا:**

(کۆستاو کالیک ) لە دۆزینەوەو بەدواداچوونی خووەکانژیریدا،پێناسەی ئەم خووە دەکەن و بەقسەی ئەوان :((ئەو، کارکردنە لە پێناوی کەماڵ،و شــیکی ، پیشــەوەری ،و وردبوونەوە لە زانیارییەکان بۆ دڵنیابوون لە دروســتییان، و پێداویســتییەکانی ئەنجامدانی کارەکەو لێوردبوونەوی تەواوکراوە ، و

دڵنیابوون لە ئەوەی کە کارەکە لە تەک پێوەرەکاندا یەکدەگرێتەوە و لە تەکی پێداچوونەوەی ئەو ڕێیانەی کە پابەند پێوەیان پێویستە.
هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە فێرخوازەکان بزانن کە تێکۆشان لەپێناوی وردکاریدا بەهایەکی گەورەیە،نە هەر لە پۆلی خوێندندا؛ بەڵکو لە ژیانی خەڵکدا هەمووی وەک هەمەکییەک( ککل ).

## 7-پرسیارکردن و خستنەڕووی کێشەکان:

(السلامي،986،ص2013) ئاماژەی بە ئەوە کردە کە پێوەندییەک لەنێوان پرسیارکردنی باش و لابەلاکردنەوەی کێشەکەدا هەیە؛ چونکە ئەو فێرخوازەی کە توانستێکی باشی لە لابەلاکردنەوەی کێشەکاندا هەیە خاوەن توانستێکیشە بۆ دروستکردنی پرسیار و ئاراستەکردنی لەکاتی خۆیدا، ئەو فێرخوازانەیش دەزانن کە پرسیاری وردە دەیانگەیەنێتە تێگەیشتنی لە بەرتر (أفضل). هەروەها بایەخی پرسیاری باشیش لە ئەودا دەردەکەوێت کە فێرخوازەکانی تریش بەشداریی دەکەن،دەیشیان بزوێنێت بۆ ئەو شتانەی تر (بابەتانەی) تر کە پێویستیان بە پشکنین، لێوردبوونەوە، ولێڕامان (تێڕامان) هەیە.

## 8-جێبەجێکردنی زانیارییەکانی پێشتر بەسەر بارودۆخی نوێدا:

مەبەست لێی بەکارهێنانێکی نموونەیی باڵا بۆ ئەو زانیارییانەی پێشترو گواستنەوەیان بۆ بارێکی کە ئەوەی فێربوونی تەواوبووە،لێی تێپەڕێندراوە(بەجێی هێشتووە). کە برەتییەلە توانستی تاک لەسەر دەرهێنانئواتا لە هەر ئەزموونێک بێت و ، بەرەوپێش ڕۆیشتن و لەپاشاندا پراکتیککردنی لەسەر بارێکی نوێ و بەستنەوەی دوو بیرۆکەی لێکجیاواز، و توانا شکانی تاک بەسەر گواستنەوەی کارامییەکە و دامەزراندنی(توظيف) لە گشت لایەنەکانی ژیانیدا (کوستا و کالیک ،29،ص2003).

## 9-بیرکردنەوەو بەردەوامبوون بەڕوونی و وردی:

برەتییە لە توانستی تاک لەسەر گەیاندنی ئەوەی دەیەوێت بەوردی بیڵێت ، ئیدی بە نووسین بێت یان زارەکی لەمیانەی بەکارهێنانی زمانێکی وردەوە، لەگەڵ دەربڕینگەلێکی سنووردارە و دیاریکردنی سیفەتە سەرەکییەکان، هەروەها جوداکردنەوەی لێککچووەکان و جیاوازییەکان و ، توانا لەتەک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووركەوتنەوە لە پێهەڵبرین لە گشتاندندا و ، پشتگیركراودا، لە ئەو گوتانەی كە بەڵگەن لەسەر ئەوە : من دەمەوێت ڕوونكردنەوە بدەم .... (الصباغ،نجاة،الجعيد،717،ص2006) ئەم خووەیش پێداگرە لەسەر بەردەوامبوونی زمانێكی، كە قسە بەناوبانگەكەی ڤۆلتێرمان بیردەخاتەوە "گەر دەتەوێت گفتوگۆم لەتەكدا بكەیت ئەوا چەمكەكانت دیاری بكە.

**10-وەڵامدانەوە بە سەرسوڕمان و ترس و لەرزەوە**

(العتيبي،210،ص2012) دەڵێت: ئامادەیی هەمیشەیی بۆ فێربوونی بەردەوام، واتە: هەوڵدانی بەردەوام لەپێناوی باشتر كردن و ،گەشە، فێربوون گۆڕین ، باشتركردنی خود ، هەڵچنینەوەی (كۆكردنەوەو دۆزینەوەی ) كێشەكان، و هەڵوێستەكان ، گرژییەكان ، ئارەزووەكان ، بارودۆخ، دانانی بەهەلی گرانبەها ، ددان پێدانان بە نەزانین دا بۆ بەردەوامیدان بە فێربوون.

**11 -كۆكردنەوەی زانیارییەكان (داتاكان)بە بەكارهێنانی هەموو هەستەوەرەكان**

(العتيبي،211،ص2012) بەوە پێناسەی دەكات كە،واتە: بەكارهێنانی هەستەوەرەكان هەموویان لە بەدەست هێنانی زانیارییەكان و وەرگرتنی زۆربەی دارشتنە زمانییەكان ،روشنبیر، ماتریالی لە ژینگە لە میانەی تێبینی كردنی شتەكان ،تێگەیشتنیان / وەرگرتنیان بەڕێگای هەستەوەرەكان / هەستەكان .

**12-داهێنان و نوێكردنەوەو وێناكردن**

(السلامي،2013،ص986) بە ئەم شێوەیە دەناسێنێت: وێناكردن و داهێنان و نوێكردنەوە لە سروشتی هەر تاكێكدایە كە وێنای لابەلاكردنەوەی ئەو كێشەیەبكاتەوە كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، مامۆستای داهێنەریش كراوەدەبێت لڕووی ڕەخنەدا (ڕەخنە قبووڵ دەكات)،ئەگەر هات و لە پەرەپێدانی خوویەكی زیرەكی دا ژیرەكی دا ڕووبەڕووی ڕێگایەكی داخراو بوویەوە، دەبینیت توانای دۆزینەوە/ داهێنانی ڕێگەیەكی نوێی هەیە و بەپشتبەستن بەستراتیژە دیاریكراوەكان ،بەلادانێك بەلای (ستراتیژی) (ڕێژنەی بیر)دا بۆ تێپەرین و لە كۆڵكردنەوەی ئەم كۆسپانەی هاتوونە پێش.

**13-پەنابردن بۆ سەرچڵیی بەرپرسانە**

(حسام الدين،2008،ص15) دەڵێت:دروست پەنابردن بۆ سەرچڵی کردنێکی بەرپرسانە واتای توانا شکانە بۆ پەردەلادان لەسەر ئەو لێلییەی دەوری کێشەیەکی داوە،هەروەکو بەردەوامە ، دەڵێت : بێگومان فێرخواز ئاسایی پەنا بۆ ڕەفتارەسەرچڵی دەبات کاتێک کە هەست بە پارێزراوی دەکات ، ئیدی بروسکی بیرکردنەوە پێدەبێت و هەڵمەت بۆ دروستکردنی پێوەندیی نوێ دەبات ولە بیرەیێکی ڕەسەندا بەشداری دەکات .

**14-دروستکردنی گاڵتەجاڕی /خۆشی و کرانەوە**

(القضاة،2014،ص38)بە ئەم شێوەیە پێناسەی دەکات :مامۆستا توانای ئەوەی هەبێت کە جۆرە ڕەفتارێک بنوێنێت کە ببێتە هۆی دڵکرانەوە و خۆشی لەکاتی گوێگرتن لە مامۆستا ،گاڵتەجاری و ڕووخۆشی وزەی (لەش) ئازاد دەکات خاوەن وزەکە (لێرەدا قوتابی) پاڵدەنێت بۆ داهێنان و وروژاندنی کارامەیی بیرکردنەوەیەکی ئاست باڵا.

**15-بیرکردنەوەی ئاڵوگۆرکراو یان هەرەوەزی**

(العتيبي،2012،ص211)دەڵێت : توانایە لەسەر کار (کارکردن)، هەروەها بەردەوامبوون لەتەک کەسانی تردا لە کۆمەڵەدا، لەتەک هەبوونی هەستیاری بەرانبەر پێداویستییەکان، دیسانەوە توانا هەبوون لەسەر پاساودانی بیرۆکەکان ، و ئەزموونکردنی مەودای لەکارنەکەوتنی (صلاحية )ئیستراتیژیاتەکانی چارەسەرکردن لەسەر کەسانی دی، لەگەڵ پەرەپێدانی ئامادەگیی و کرانەوە لەسەر پەژراندنی قبوڵکردنی فیدباک.

**16-ئامادەگیی هەمیشەیی بۆ فێربوونی بەردەوام**

(العتيبي،2012،ص210) ئامادەگیی هەمیشەیی بۆ فێربوونی بەردەوام بە ئەم شێوەیە باس دەکات ،واتە:هەوڵدانی بەردەوام لەپێناوی چاکترکردنی، گەشەکردن ،فێربوون، ڕاستکردنەوە(التعديل)، باشکردنی خود، هەڵگرتنەوەی کێشەکان، هەڵوێستەکان ، گرژییەکان، نەزەعات ، بارودۆخ و دانانیان و هەژمارکردنیان بە هەڵکەوتگەلی گرانبەهاو، ددان پێدانان بە نەزانینی بەردەوامیدان بە فێربوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 10.توێژینەوەکانی پێشوو

### 1-توێژینەوەی الخفاف (2016ز)

توێژینەوەکە ئامانجی ئەوە بوو کە خووەکانی ژیری لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی تەمەن و ماوەی خزمەت و باری کۆمەڵایەتی بزانێت، توێژەر بەرنامەی وەسفیی بەکارهێناوە، هەروەکو چۆن نموونە(عینة/ سامپڵ)ێکی هەڕەمەکی ( عشوائي) هەڵبژاردووە، نموونەکە پێکهاتبوو لە (100)سەد مامۆستا، کە (50) مامۆستایان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕەصافەی یەکەم، و (50) مامۆستایش لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕەصافەی دووەم، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکان توێژەر پێوەری بۆ خووە ژیرەکییەکان ئامادەکرد، ئەنجامەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان خووەگەلێکی ژیرەکییان هەیە بە ئاستی ناوەندی باڵای گریمانەکراوی پێوەرەکە، هەروەکو ئاماژەیشی بە هەبوونی جیاوازیگەلێکی دەلالەتداری ئاماری داوە لە پلەکانی خووەکانی ژیرەکییدا بەپێی گۆڕاوی تەمەن و ماوە خزمەت لەکاتێکدا هیچ جیاوازییەکی دەلالەتداری ئاماریی نییە لە پلەکانی خووەکانی ژیرەکییدا بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتیدا.

### 2-توێژینەوەکەی السلطاني و الجبوري (2015م)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی خووەکانی ژیریی (عقل) لە تێگەیشتنی خوێندنەوەدا لای قوتابیانی (کچ)لە پۆلی چوارەمی زانستی دا، توێژەر بەرنامەی ئەزموونگەریی بەکارهێناوە، نموونە(عینة الدراسة)ی توێژینەوەکە لە (75) قوتابی (کچ) پێکهاتبوو، هەڕەمەکی دابەشکران بەسەر دوو کۆمەڵەدا، یەکێکیان کۆمەڵەی ئەزموونی( التجربیة) و ئەوەی تریان کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو(الضابطة)، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بە ئەوە داوە کە قوتابییەکچەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی سەرکەوتوون بەسەر قوتابیانی کچی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە ئەزموونی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 11. ئاماژە و سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای نیشاندانی توێژینەوەکانی پێشوو، دەتوانرێ ئاماژە و سوودی ئەم توێژینەوانە لە توێژینەوەی ئێستادا بەم شێوە کورت بکەینەوە:

**یەکەم**: توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی ئامانجی توێژینەوەکانیان گۆڕاوی جۆراوجۆریان لەخۆگرتووە، هەروەک توێژینەوەی (الخفاف،2016) گرنگی بە زانینی خووەکانی ژیریی دا ، و توێژینەوەی (السلطاني و الجبوري، 2015) گرنگی بە زانینی ستراتیژیەتی خووەکانی ژیریی دا.

هەرچی ئامانجی توێژینەوەی بەردەستە، زانینی خووەکانی ژیرییە.

**دووەم**: توێژینەوەکان ئاست و قۆناغی خوێندنی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، وەک توێژینەوەی (الخفاف،2016) قۆناغی باخچەی منداڵانی لەخۆگرت، توێژینەوەی (السلطاني و الجبوري،2015) قۆناغی ئامادەیی لەخۆگرت.

توێژینەوەی بەردەست قۆناغی ئامادەیی هەڵبژارد.

**سێیەم**: توێژینەوەکان ڕێگای جیاوازیان بەکارهێناوە، هەروەک توێژینەوەی (الخفاف،2016) ڕێگای وصفی بەکارهێناوە ، و (السلطاني و الجبوري،2015) ڕێگای ئەزموونگەری بەکارهێناوە.

توێژینەوەی بەردەست ڕێگای وصفی بەکارهێناوە.

## 12. ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە

لەم توێژینەوەی ئێستادا شێوازی وصفی بەکارهێناوە بۆ گونجان بۆ مەبەست و ئامانجی خوێندن.

### دووەم: کۆمەلگەی توێژینەوە.

مەبەست لە کۆمەڵی توێژینەوە هەموو تاکی ئەو دیاردەیەیە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە (ملحم،149:2005).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە لە هەموو قوتابیانی (کچ و کوڕ) لە پۆلی (10) دەیەمی زانستی لە قوتابخانە ئامادەیی یەکانی سەر بە پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021) کە ژمارەیان دەکاتە ( 9436) قوتابی لە ( 68) قوتابخانە، کە بە ڕۆژ دەوام دەکەن.

**سێیەم: نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوەیش پێکدێت لە دوو بەش ئەوانیش:

أ- **نموونەی ناسینەوە**

توێژەر لە سەرەتادا پێوەرەکەی بەسەر (20) قوتابی (کچ و کوڕ) لە دەرەوەی نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکەی ئەنجامدا ، بۆ دڵنیابوون لە :

- ڕوونی دەستەواژەکان.
- ئاسانی و گرانی دەستەواژەکان.
- کاتی پێویست بۆ وەڵام دانەوەی دەستەواژەکان.
- بۆ دیاریکردنی هەر کەم کوریەک لە دەستەواژەکان جا بە چاککردنی بێت یان بە گۆڕین و لابردنی.

**ب-نموونەی مەیدانی**

نموونە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت و بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی دروسـت نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکە بکات (داود و عبدالرحمن، 1990: 119) ، توێژەر قوتابخانەی ئامادەیی ( وانی کوڕان – ڕێواسی کچان – نانەکەلی کچان – بارزانی نەمری کوڕان – ئەحمەدی خانی کوڕان)ی هەڵبژارد پاش ناردنی نوسراو لە ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و لەوێشەوە بۆ ئەو قوتابخانانەی کە ئاماژەیان پێکرا. بڕوانە (پاشکۆی ژمارە - - ). توێژەر قوتابخانەی ئامادەیی ( وانی کوڕان – ڕێواسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کچان – نانەکەلی کچان – بارزانی نەمری کوڕان – ئەحمەدی خانی کوڕان)ی بەمەبەســـت هەڵبژارد، بەهۆی نزیکی لە شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی و هـاوکـاریکردنی بەڕێوەبەری قوتـابخـانە لە بەئەنجام گەیانـدنی کارەکان ، ژمارەی قوتابی گونجاو ، و توێژەر هەڵسـا بە هەڵبژاردنی (240) قوتابی، کە پێکهاتبوو لە  (120) قوتابی کچ و (120) قوتـابی کوڕ ، و هەروەهـا تەمەنی قوتـابیـانی لە ڕێگەی تۆماری  دۆسـیەی تایبەت بە قوتابییەکانی نموونەی توێژینەوەکە وەرگرت سـەرەڕایی دابەشـکردنی فۆرمی تایبەت بەسەرقوتابیاندا بۆ وەرگرتنی ڕێکەوتی تەمەنیان، بڕوانە خشتەی ژمارە ( 1).

خشتەی ژمارە (1): خشتەی ژمارە (1) سیفاتی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| زانیاری | گۆڕاوەکان | ژمارە | ڕێژەی لەسەدا % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 120 | %50 |
| | مێ | 120 | %50 |
| تەمەن | 16 | 197 | 74.5 |
| | 17 | 46 | 19.2 |
| | 18 | 13 | 5.4 |
| | 19 | 1 | 0.4 |
| | 20 | 1 | 0.4 |
| قوتابخانە | وان | 15 | 6.3 |
| | ڕێواس | 36 | 15 |
| | نانەکەلی | 84 | 35 |
| | بارزانی نەمر | 53 | 22.1 |
| | أحمدی خانی | 52 | 21.7 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 13.ئامرازەکانی توێژینەوە

### أ-پێوەری خووەکانی ژیریی

لەم پێوەرەدا توێژەر پشتی بە (أسماء حسن،2013) بەست ، چونکە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوە و نوێ یە، ئەم پێوەرە لە (129) دەستەواژە پێک دێت و بەرامبەر هەر دەستەواژەیەک سێ بژێتی/ بەدیل هەن کە (هەموو جار ڕوودەدات ، هەندێک جار ڕوودەدات ، هەرگیز ڕوونادات) و نمرەکانیشیان (3 , 2 ,1) نمرەن ، لەگەڵ ئەو ڕێنمایانەی کە چۆنیەتی وەڵامدانەوە ڕوون دەکاتەوە.

- **دروستی پێوەر**

بۆ بەدەستهێنانی دروستی پێوەر ، توێژەر پێوەرەکەی دایە لێژنەیەکی حوکمدەران کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێ پسپۆڕ و شارەزا لەبواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوە , پەروەردە و دەرونزانی , پێوانە و هەڵسەنگاندن , زمانەوانی. توێژەر پشتی بەست بە ڕێژەی ڕازیبوونی (80%) و بەسەرەوەی حوکمدەران لەسەر هەر دەستەواژەیەک لە دەستەواژەکانی پێوەرەکە، دوای دەرهێنانی ڕێژەی ڕازیبوون دیاربوو کە هەموو دەستەواژەکان ئەم ڕێژە و زیاتریان بەدەستهێناوە ، ئەو سەرنج و تێبینیانەش وەرگیران کە لەبارەی داڕشتن و زمانەوە پێشکەش کرابوون ، بەم ڕەنگە دروستی پێوەر بەدەست هێنرا.

- **جێگیری پێوەر**

بۆ ئەم مەبەستە، توێژەر هاوکێشەی ( ئەلفا – کرونباخ – (a) ،Coefficient)ی بەکارهێنا کە نەگۆڕیەکەی بریتی بوو لە (0.925)، کە ئەمەش نرخێکی گونجاوە بۆ ئەو پێوەرانەی کە لەناو پۆل جێبەجێدەکرێن.

## 14. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییەکان

### أ- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

لەم توێژینەوەیەدا (فۆرمی ڕاپرسی) بەکارهاتووە، وەک ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو بۆ توێژینەوەکە. فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire): وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیارییە جۆراوجۆرە

سەبارەت بە بابەتی تویژینەوە لە چەند کەسێک، یاخود دیاردەیەک، یان ڕووداوێکی بەرچاو. بەمەبەستی داڕشتن و ئامادەکردنی پرسیارنامەیەکی زانستی، پێویستە چەند بنەماو ڕێوشوێنێکی دیاریکراو ڕەچاوبکرێت، وەک ئامانجی توێژینەوە، ڕوونی پرسیار ، گونجاوی پرسیارەکان لە ڕووی تێگەیشتن و نەبوونی دژیەکی و ئاسان وەڵامدانەوە و گونجانیان لەگەڵ وەڵامدەرەوەکان.

### ب- کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

بەمەبەستی گەیشتنمان بە ئامانجی توێژینەوەکەمان ،شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەمان لە نموونەی توێژینەوەکە دەستمان کەوتووە بەڕێگای ئاماری ، بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی بەرنامەی (هەگبەی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان- Package for the Social Statistical sciences)،کە بە کورتکراوەی ( S.P.S.S) ئاماری پێدەکرێت . توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە: (ڕێژەی سەدی ، ناوەندە ژمێرەی ، لادانی پێوەری،هاوکۆلکەی پێرسون ،تاقیکردنەوەی تی-T-test).

## 15.خستنەڕووی ئەنجامەکان

### ئەنجامی گریمانەی یەکەم:

-جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی ڕێژەی هەڵەی(α≤0.05) لە ئاستی خووەکانی ژێریدا بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە(ڕەگەز)، (نێر ، مێ).

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ وەڵامی قوتابیانی (کوڕ ، کچ) لە تەوەرەی پێوەری خووی ژێریی دەرهێنا و لە ئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازی نییە لە وەڵامی قوتابییەکان بۆ پێوەرەکە ، بەمەبەستی زانیینی ئاماژەی ئاماری ئەم جیاوازییە، توێژەر تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ وەڵامی قوتابییەکان لە هەردوو ڕەگەزدا دەرهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای گریمانەکراو (0.404) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (0.05) بۆیە واتادار نییە ، لە خشتەی (2) دیارە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتە(2) تاقیکردنەوەی (ت) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری لە خووەکانی ژیریی لەلایەن قوتابیانی (کوڕ) و (کچ)

| تەوەرەی پێوانەی خووەکانی ژیری | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تاقیکردنەوەی (ت) | پلەی ئازادی | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بیرکردنەوە بەنەرمی | کوڕ | 120 | 2.226 | 0.206 | -0.415 | 238 | 0.678 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.237 | 0.208 | | | |
| وەڵام دانەوە بە سەرسوڕمان و ترس و لەرزەوە | کوڕ | 120 | 2.313 | 0.269 | 0.133 | 238 | 0.895 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.308 | 0.279 | | | |
| داهێنان و نوێکردنەوەو وێناکردن | کوڕ | 120 | 2.203 | 0.402 | 1.873 | 238 | 0.062 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.107 | 0.393 | | | |
| جێبەجێ کردنی زانیارییەکانی پێشتر بەسەر بارودۆخی نوێدا | کوڕ | 120 | 2.404 | 0.317 | 1.490 | 238 | 0.138 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.341 | 0.333 | | | |
| سەرۆکاریکردن(کۆنترۆڵ کردن)ی هەڵەشەیی/هەڵچوون | کوڕ | 120 | 2.292 | 0.195 | 3.666 | 238 | 0.000 واتادارە |
| | کچ | 120 | 2.200 | 0.194 | | | |
| ئامادەگیی هەمیشەی بۆ فێربوونی بەردەوام | کوڕ | 120 | 2.166 | 0.409 | -0.507 | 238 | 0.613 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.191 | 0.353 | | | |
| کۆکردنەوەی زانیارییەکان(داتا کان) بە بەکارهێنانی کۆی هەستەوەرەکان | کوڕ | 120 | 2.281 | 0.300 | 0.184 | 238 | 0.854 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.274 | 0.313 | | | |
| بیرکردنەوەی ئاڵوگۆڕکراو یان هەرەوەزی | کوڕ | 120 | 2.165 | 0.300 | -0.801 | 238 | 0.424 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.195 | 0.276 | | | |
| خووەکانی عەقڵ | کوڕ | 120 | 2.254 | 0.209 | 0.835 | 238 | 0.404 واتادار نییە |
| | کچ | 120 | 2.232 | 0.199 | | | |

خشتەی ژمارە (2) دەرهێنانی جیاوازی لە نێوان ( نێر،مێ)بۆ تەوەرەکانی تایبەت بە خووەکانی ژیری لە توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لەنێوان گۆڕاوەکانی(نێر ،مێ) لە ئاستی (0.05)، بەهای (ت) بۆ جیاوازی نێوان تێکڕای ناوەندە نمرەی( نێر، مێ) لە کۆی پێوەرەکە(0.835) ئەمەش بەهاداری ئاماری نییە لە نمرەی ســەربەخۆ(238) و نرخی ئاستی دەلالەت یەکسانە بە (0.404) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.05).ئەمەش مانای وایە کە پەیوەندی بەهاداری ئاماری نییە لە نێوان (نێر ، مێ) لە ئاستی خووەکانی ژیریی.

## 16.دەرئەنجام

-جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە خووەکانی ژیریی لە نێوان گۆڕاوەکانی ڕەگەز (نێر ، مێ) لە ئاستی ڕێژەی هەڵەی (0.05) لەبەر ئەوەی ناوەندە وەڵامی تاکەکانی توێژینەوەکە گەورەترە لە ئاستی ڕێژەی هەڵە (0.05). جگە لە تەوەرەی(کۆنترۆلکردنی هەڵشەیی /هەڵچوون) بەهاداری ئامارییە ، چونکە ناوەندە وەڵامی قوتابییەکان بچووکترە لە ئاستی ڕێژەی هەڵە (0.05) لە بەرژەوەندی کوڕان.

## 17.ڕاسپاردەکان

- یەکخستنی خووەکانی ژیریی بۆ ناو پرۆگرامی خوێندن وەک ئامانجێکی پەروەردەی کە پەروەردەی هاوچەرخ بەدوای بەدیهێنانی دادەگەڕێت.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و جێبەجێ کردنیان لە قوتابخانە جیاجیاکاندا.
- ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی بە ئامانجی پەرەپێدانی خووەکانی ژیری چونکە گوزارشت لە ژینگەیەکی بەپیت دەکات بۆ پێشکەوتنی نەوەکانی داهاتوو.

## 18.سەرچاوەکان:

### ئینگلیزی

1.Younis, A. S., & Allam, A. M. (2016). Habits of Mind for the Specialty Teaching Students. *Journal of Applied Sports Science, 6*(1), 60-66.

### عربي

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.ابراهيم الحارثي. (2002). *العادات العقلية وتنميتها لدى التلاميذ* (الإصدار الطبعة الأولى). رياض: مكتبة الشقرى.

2.أرثر كوستا، و بينا كاليك. (2003). *استكشاف وتقصى عادات العقل*. السعودية: إصدار الكتاب التربوي للنشر والتوزيع.

3.ارثر كوستا، و بينا كاليك. (2003). *استكشاف وتقصي عادات العقل* (الإصدار الطبعة الأولى). (ترجمة مدارس ظهران الاهلية بالمملكة العربية السعودية، المترجمون) سعوية: دار الكتاب التربوي للنشر والتوزيع.

4.ارثر كوستا، و بينا كاليك. (2003 جزء الأول). *استكشاف وتقصي عادات العقل* (الإصدار الطبعة الأولى). (ترجمة مدارس ظهران الاهلية بالمملكة العربية السعودية، المترجمون) سعوية: دار الكتاب التربوي للنشر والتوزيع.

5.أسماء عطا الله حسين. (2013). فعالية برنامج تدريبي في تنمية بعض عادات العقل لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية بقنا. *شبكة العلوم النفسية* (6).

6.امال حسين خليل. (2010). *العزف الثنائي المؤسس على عادات العقل والفهم الموسيقي لارتجال مواقف القصص الحركية عند الطلاب المعلمين للتربية الموسيقية* . مصر: جامعة طنطا.

7.إيمن حبيب سعيد. (2006م). اثر استخدام إستراتيجية (حلل / اسأل/استقصي)على تنمية عادات العقل لدى طلاب الصف الأول الثانوي من خلال مادة الكيمياء. *دراسة منشورة بالمؤتمر العلمي العاشر للتربية العلمية، الثاني*، 464-391.

8.جاسم محمد عبد السلامي. (2013). تدريس مهارات اللغة العربية باستراتيجيات العادات العقلية بين التنظير والتطبيق. *مجلة كلية التربية البنات*.

9.سميرة عطية عريان. (2010). عادات العقل و مهارات الذكاء الاجتماعي المطلوب لمعلم الفلسفة والاجتماع في القرن الحادي والعشرين.

10.سميلة أحمد الصباغ، بنتين نجاة، و نورة عايض الجعيد. (2006). دراسة لعادات العقل لدى الطلبة المتفوقين في المملكة العربية السعودية ونظرائهم في الأردن. (3)، 743-713.

11.عبير إبراهيم محمد. (2005م). *تدريس عادات العقل .. مدخل لتعلم الرياضيات مدى الحياة*. ورقة عمل مقدمة في المؤتمر العلمي الخامس للجمعية المصرية لتربويات الرياضيات.

12.على أسعد وطفة. (2007م). *قراءة في كتاب عادات العقل* . مقال منشور على الإنترنت بموقع وطفة www.watfa.net.

13.ليلى عبدللة حسام الدين. (2008). فاعلية استراتيجية (البداية/الاستجابة/التقويم في تنمية التحصيل و عادات العقل لدى تلاميذ الصف الأول الإعدادي في مادة العلوم. *دراسة منشورة بالمؤتمر العلمي الثاني عشر للتربية العلمية*، 40-1.

14.محمد بكر نوفل. (2008). *تطبيقات عملية في تنمية التفكير باستخدام عادات العقل* (الإصدار الطبعة الأولى). عمان: دار المسيرة.

15.محمد فرحان القضاة. (2014). عادات العقل و علاقتها بدافعية الإنجاز لدى طلاب كلية التربية بجامعة الملك سعود. *جامعة الملك سعود/قسم علم النفس، 5*(8).

16.منار السواح. (2011). *فاعلية برنامج تدريبي لتنمية بعض عادات العقل المنتجة لدى مجموعة من الطالبات والمعلمات برياض الأطفال*. جامعة عين شمس.

17.مها محمد حسين، و عايش محمود زيتون. (2016). مستوى اكتساب طلبة المرحلة الأساسية في مدارس وكالة الغوث الدولية لعادات العقل في ضوء مشروع 2016 وعلاقته بمتغيرات المستوى التعليمي والجنس والتحصيل المدرسي. *دراسات ، العلوم التربوية، 43*.

18.وضحى حباب عبدالله العتيبي. (2012). فاعلية خرائط التفكير في تنمية عادات العقل ومفهوم الذات الأكاديمي لدى طالبات قسم الأحياء بكلية التربية. *مجلة أم القرى للعلوم التربوية والنفسية، 5*(1)، 1250-187.

19.يوسف قطامي. (2005). *ثلاثون عادة عقل*. عمان: دار ديبونو للنشر والتوزيع.

20.يوسف محمود قطامي. (2007). *عادة عقل*. عمان: مركز ديبونو لتعليم التفكير.

21.سامى محمد ملحم. (2007).القياس والتقويم في التربية و علم النفس ، الطبعة الثانية ، دار الميسرة للنشر والتوزيع ، عمان -الأردن.

22.عزيز حنا داود و انور حسين عبدالرحمن. (1990)، مناهج البحث التربوي، دار الحكمة للطباعة والنشر ، جامعة بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Habits of Mind by 10th Grade High School Student

**Tara Hunar Ahmed**
Department of General Science, College of Basic Education, Salahaddin University, City, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Tara.ahmed1991@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Farhad Ali Mustafa**
Department of Physical Education, College of Education of Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Farhad.mustafa@su.ed.krd

**Asst. Prof. Dr. Bakhtiar Kakil Hamad**
Department of General Science, College of Basic Education, Salahaddin University, City, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Bakhtiar.hamad@su.ed.krd

***Keywords:*** *Mind, Mind level, Mind Habits, Student, Gender (male, female)*

## Abstract

The aim of this study is to know the level of knowledge (Habits of Mind by 10th grade high school students). To achieve the goal, the researchers put forward the following hypothesis:

1. There is no statistically significant difference in the level of error ratio (0.05≥α) at the level of habits of mind according to the variables in research (gender), (male, female).

The research sample includes 10th grade students some schools namely (Wani for Boys – Rhubarb for Girls - Barzani Namr for Boys- Nanakali for Girls - Ahmadi Khani for Boys), which includes 240 students, 120 female students, and 120 male students.

To achieve the research's objectives and assumptions, the researchers have developed a tool:

- It was the criterion of habits of mind, which researchers relied on the (Asma Hassan 2013) scale, which consisted of eight habits: (Right Thinking - Interesting and Heartfelt

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Response - Inventing, Imagining and producing - Applying Past Knowledge to New Situations - Managing Impulsivity - Remaining Open to Continuous Learning - Gathering Data Through all Senses - Thinking Interdependently), it was 129 items, the researchers used (Cronbach Alpha) equation to stabilize the scale, the rate was 0.925, it made everything at an acceptable level.

This procedure begun in the second semester on 1 February 2021 and continued till (2022/2/20).

In order to Analyze the result, the researchers used SPSS Statistics

The result was as follows:

- The absence of statistical function differences at the level (0.05) at the level of ownership of habits of mind according to gender variable (male and female), except for (reckless control) means statistical meaning at a level (0.05) for male interest.

## عادات العقل لدى طلبة المرحلة العاشر الإعدادي

البحث الوصفية


### ملخص

الهدف من هذا البحث معرفة مستوى (العادات العقل لدى طلبة الصف العاشر الإعدادي)، وقد توصل الباحثون إلى نتائج إحتمالية، أهمها:

1-عدم وجود ذات دلالة إحصائية بنسبة (0.05) في مستوى امتلاك العادات العقلية على حسب اختلاف جنس (ذكر و انثى).

عينة البحث تشمل طلبة الصف العاشر الإعدادي في مدارس (وان للبنين – ريواس للبنات- بارزاني نمر للبنين – نانكلي للبنات – وأحمدخاني للبنين) المتكون من (240) طلبة، (120) طالبة و (120) طالب.

أعد الباحثون بعض الوسائل التي تساعد في الوصول إلى هدف البحث، وهي:

-مقياس العادات العقلية : (عتمد الباحثون على مقياس (أسماء حسين،2013) الذي يتكون من ثمانية عادات ، وهي ( التفكير بمرونة – الاستجابة بدهشة ورهبة – الابداع والتصور والإبتكار – تطبيق المعرف الماضية على أوضاع جديدة – التحكم بالتهور – الاستعداد الدائم للتعلم المستمر – جمع البيانات باستخدام جميع الحواس – التفكير التبادلي)، وتتكون هذه المقياس من (129) فقرة، واستخدام الباحثون معادلة (ألفا كرونباخ ) لتثبيت المقياس التي اعتمدوها، والتي كانت بمعدل (0.925) وهو مساعد على أن تكون (المقياس) في مستوى مقبول ومناسب.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وقد استمر تطبيق هذا المقياس في الفصل الدراسي الثاني ابتداءا من (20201/2/1) واستمر إلى (2021/2/20).

وقد استخدم الباحثون حقيبة إحصاء (SPSS)من أجل تحليل النتائج.
والنتائج كانت كالآتي:
- وجود فروق غير دالةإحصائيا في مستوى امتلاك العادات العقل لدى طلبة الصف العاشر الإعدادي وفقا لمتغير الجنس (ذكور و إناث) ، معدا (التحكم بالتهور) التي ظهرت بنسبة (0.05) لصالح (ذكور).